سەرکی دادگای فیدراڵی: نابێت کێشەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵی ببێتە پاساو بۆ دواکەوتنی موچە



سەرکی دادگای فیدراڵی لێبارەی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دووپاتیکردەوە نابێت هیچ کێشەیەک ببێتە هۆی دواخستنی پێدانی موچە و دەبێت موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی موچەخۆرانی عێراق لە هەمان کاتدا موچە وەربگرن.

ڕۆژی یەکشەممە (14ـی کانوونی دووەمی 2024) دادوەر جاسم محەممەد عەبود، سەرکی دادگای فیدراڵی ڕایگەیاند، پەیوستە چارەسەرکی ریشەیی بۆ کێشەی دواکەوتنی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە و ئاماژەی بۆشکردووە، دادگای فیدراڵی لێوبارێوە پێداچوونەوە بە داواکەک دەکات.

سەرکی دادگای فیدراڵی بە ئاژانسی هەواڵنێری عێراق ڕوونیکردووەتەوە، بگەڕێی ماددەی 14ـی دەستووری عێراق پەیوستە یەکسانی هەبێت لە مافی هاووڵاتیان و ئەمەش ئەوە دەسەپێنێت کە موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان موچەکانیان بە هەمان بڕ و هەمان کات هاوشێوەی موچەخۆرانی دیکە لە هەموو عێراق وەربگرن.

دادوەر جاسم محەممەد عەبود باسی لێوەکردووە: "پێویستە بە هەمان شێوەی مامەڵە لەگەڵ فەرمانبەرەکی زاخۆ بکرێت کە لە بەغدا، سەداحەددین، دیالە، میسان و بەسرە دەکرێت، چونکە مووچە بژێوی خەڵکە و نابڕێت رەگەز بە دواکەوتنی بدرێت".

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، سەرەکی دادگای فیدراڵی جەختیکردووەتەوە، نابێت کێشەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵی ببێتە هۆی دواکەوتنی پێدانی مووچە لە هەرێمی کوردستان، کە ئێوانیش بەشێکن لە عێراق و پێویستە حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر چارەسەرکردنی ریشەیی بۆ کێشەکان بکەن".